پیاوێکی دی باسی خۆی دەگێڕێتەوە دەڵێ: لەگەڵ چەند کەسێك کاری بازرگانیمان دەکرد، کۆمەڵێك سەنەدمان لابوو پێویستی دەکرد ئەو سەنەدانە بگەیەنینە شەریکەیەك کە لە شوێنێکی دیکەبوو، ئیدی سەنەدەکانم کۆ کردەوە کە هی خۆمو چەند هاوڕێیەکی دیکەم بوون، ئەو سەنەدانەش بای چەندەها هەزار دۆلار بوون، سواری سەیارەیەکی کرێ بووم، سەنەدەکانم لە نێو جانتاکەم بوو، بۆ ئەوەی بە شوێنی مەبەستیان بگەیەنم، بەڵام قەدەری خوای گەورە دوای ئەوەی دابەزیم چەند کاتێك دوای ئەوە بیرم کەوتەوە کە هەرچی سەنەداتی خۆمو هاوڕێکانم هەیە هەمووم لە نێو سەیارەکە لەبیر کردوە، هیچ شتێکیشم دەربارەی ئەو شوفێرەو ڕەقەمی سەیارەکەی نەدەزانی، بۆیە تووشی دڵتەنگییەکی زۆر سەیر بووم ئایا ئەگەر ڕەنجی ئەو هەموو ساڵەی خۆمو هاوڕێکانم بچێ من چ بەو هاوڕێیانەم بڵێم؟!

چۆن باوەڕم پێ دەکەن؟!

چۆن قەناعەتیان پێ بهێنم؟!

چۆن بۆیان قەرەبوو بکەمەوە؟!

بۆیە خەریك بوو گیانم دەربچێ لە خەمو خەفەتان، لەو کاتەدا بە هەموو دڵم بە چاوی پڕ لە فرمێسکم ڕووم کردە خوای پەروەردگارو گوتم: (اللَّهُمَّ يا فتاح افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ، اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ فرجك)! زۆر بە ناوی (فتاح) لێی پاڕامەوە، لەسەر جادەکە وەستا بووم، تووشی شۆك بوو بووم، لە ناکاو سەیارەیەك لە پێشم ڕاوەستا، منیش وامزانی تەکسییەکەو لە دوای نەفەر دەگەڕێ، بۆیە گوتم: کاکە پێویستم بە تەکسی نیە، کابرای شوفێریش گوتی: کاکە تۆ ئەو پیاوە نی کە کەمێك بەر لە ئێستا لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی من بووی‌و لێرە دابەزی؟

گوتم: بەڵێ، بەڵێ منم، گوتی: ئەو سەنەدانەو ئەو جانتایە هی تۆ نیە لە نێو سەیارەکەم جێماوە؟ ئیتر خەریك بوو لە خۆشیان دڵم بووەستێ.

پیاوێکی دی باسی خۆی دەگێڕێتەوە دەڵێ: لەگەڵ چەند کەسێك کاری بازرگانیمان دەکرد، کۆمەڵێك سەنەدمان لابوو پێویستی دەکرد ئەو سەنەدانە بگەیەنینە شەریکەیەك کە لە شوێنێکی دیکەبوو، ئیدی سەنەدەکانم کۆ کردەوە کە هی خۆمو چەند هاوڕێیەکی دیکەم بوون، ئەو سەنەدانەش بای چەندەها هەزار دۆلار بوون، سواری سەیارەیەکی کرێ بووم، سەنەدەکانم لە نێو جانتاکەم بوو، بۆ ئەوەی بە شوێنی مەبەستیان بگەیەنم، بەڵام قەدەری خوای گەورە دوای ئەوەی دابەزیم چەند کاتێك دوای ئەوە بیرم کەوتەوە کە هەرچی سەنەداتی خۆمو هاوڕێکانم هەیە هەمووم لە نێو سەیارەکە لەبیر کردوە، هیچ شتێکیشم دەربارەی ئەو شوفێرەو ڕەقەمی سەیارەکەی نەدەزانی، بۆیە تووشی

دڵتەنگییەكی زۆر سـەیر بووم ئایا ئەگەر ڕەنجی ئەو هەموو سـاڵەی خۆمو هاوڕێكانم بچـێ من چ بەو هاوڕێیانەم بڵێم؟!

چۆن باوەڕم پێ دەكەن؟!

چۆن قەناعەتیان پێ بهێنم؟!

چۆن بۆیان قەرەبوو بكەمەوە؟!

بۆیـە خەریك بوو گیانم دەربچـــێ لە خەمو خەفەتان، لەو كاتەدا بە هەموو دڵم بە چـــاوی پڕ لە فرمێســـكم ڕووم كردە خوای پەروەردگارو گوتم: (اللَّهُمَّ يا فتاح افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ، اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ فرجك)! زۆر بە ناوی (فتاح) لێی پاڕامەوە، لەسـەر جادەكە وەسـتا بووم، تووشـی شـۆك بوو بووم، لە ناكاو سـەیارەیەك لە پێشـم ڕاوەستا، منیش وامزانی تەكسییەكەو لە دوای نەفەر دەگەڕێ، بۆیە گوتم: كاكە پێویسـتم بە تەكسـی نیە، كابرای شـوفێریش گوتی: كاكە تۆ ئەو پیاوە نی كە كەمێك بەر لە ئێستا لە نێو ئۆتۆمبێلەكەی من بووی‌و لێرە دابەزی؟

گوتم: بەڵێ، بەڵێ منم، گوتی: ئەو سـەنەدانەو ئەو جانتایە هی تۆ نیە لە نێو سەیارەكەم جێماوە؟ ئیتر خەریك بوو لە خۆشیان دڵم بووەستێ.